وەزارەتی داد

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندابە:-

- کردنەوەی هۆبەی مووچە لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد .

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

---

وەزارەتی پەروەردە

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێمان دراوە لە ماددەی ( ٢٢) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی و لە پاش کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید لە پارێزگای هەڵەبجە و لە پێناو بەرژەوەندی کار بڕیاردرا:-

بەگۆرینی ئەم هۆبانەی لە خوارەوە دیاری کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٣ .

| ژ | هۆبە | بەڕێوەبەرایەتی | ژ | هۆبە | بەڕێوەبەرایەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هۆبەی کارگێری | ب. کارگێری | ٨ | هۆبەی کاروباری یاسایی | ب. کاروباری یاسایی |
| ٢ | هۆبەی خۆیەتی و میلاك | ب. خۆیەتی و میلاك | ٩ | هۆبەی چالاکی هونەری | ب. چالاکی هونەری |
| ٣ | هۆبەی ژمێریاری | ب. ژمێریاری | ١٠ | هۆبەی چالاکی وەرزشی | ب. چالاکی وەرزشی |
| ٤ | هۆبەی تەجهیزات | ب. تەجهیزات | ١١ | هۆبەی چالاکی ڕاهێنان | ب. چالاکی ڕاهێنان |
| ٥ | هۆبەی تەکنیکی | ب. تەکنیکی | ١٢ | هۆبەی فێرکردنی نائاسایی | ب. فێرکردنی نائاسایی |
| ٦ | هۆبەی بیناسازی | ب. بیناسازی | ١٣ | هۆبەی ووردبینی | ب. ووردبینی |
| ٧ | هۆبەی پلانی پەروەردەیی | ب. پلانی پەروەردەیی | | | |

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری پەروەردە**

---

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-

## بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٦

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی لە هەردوو گوندی (هەنجیرە) و دۆڵەبی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**